شانۆیی

# چوارینه

نوسینی : یۆژین یۆنسکۆ

وەرگێرانی : فاروق هۆمە ر

سەرچاوە / آوجین یونسکو – دراسة و نصوص ، ترجمة ( محمود حجازي ) دارالفكر العربي – مصر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یوژین یۆنسکۆ لە ڕۆژی 26 نۆڤەمبەری ساڵی 1912 لەشاری ( سلاتین ) ی سەر بە ڕۆمانیا لە دایکێکی فەرەنسی و باوکێکی ڕۆمانی لە دایک بووە . زۆری پێ ناچێت دەچنە پاریس و فەرەنسی دەبێتە یەکەم زمانی . هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکات . لە تەمەنی سیازدە ساڵیدا دەگەڕێتەوە ڕۆمانیا . لەژێر کاریگەری ( میترلنگ فرانسیس جام ) دا یەکەم شیعری دەنوسێت، لە زانکۆی بۆخارست لە ڕۆمانیا دەبێتە خوێندکاری زمان و ئەدەبی فەرەنسی و لەدواییدا لە ئالیسییە لە شاری بۆخارست دەبێتە مامۆستا .

لە ساڵێ 1936 ژن دەهێنێت . بۆ تەواو کردنی نامەی دکتۆراکەی لەژێر ناوی (بیرۆکەی گوناە و مردن لە شیعری فەرەنسی سەردەمی بۆدلێر) دا لە ساڵی 1938 دا لەلایەن حکومەتەوە روخسەتی چوونە فەرەنسای پێ دەدرێ . کاتێك دڵنیا دەبێت لەوەی ناتوانێت دێرێک لە پرۆژەکەی بنوسێت ، خۆی بە کاری ڕۆژنامە نووسییەوە خەریک دەکات . لە ساڵی 1939 دا جەنگ هەڵدەگیرسێت و بەرەو ( مەرسیلیا ) دەڕوات .

دوای کوژانەوەی ئاگری جەنگ دەگەڕێتەوە فەرەنسا، لەساڵی 1948 دا یەکەم شانۆیی بە ناوی ( کچە گۆرانی بێژە کەچەڵەکە ) دەنوسێت . لە شانۆ بە ناوبانگەکانی ( وانە، کورسیەکان، ئامێدی، کرێ نشینێکی تازە، بکوژ، پاشا دەمرێت، کچێک لە تەمەنی شووکردن دا ) لە ساڵی 1987 کۆچی دوایی دەکات .

بەڵام یۆنسکۆ بە یەکێک لە کۆڵەکە گرنگەکانی شانۆی هاوچەرخ دادەنرێت ، بەرهەمەکانی لەگەڵ بەرهەمەکانی بیکیت دا سەرەتایەک بوون بۆ دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی شانۆیی کە ئەمڕۆ لە فەرەنسادا بە شانۆی پێشرەو دەناسرێت .

پێشەکی : (( مرۆڤی ئاسایی کاتێک دەروانێتە بێهودەیی دەپەشۆکێت، بەڵکو دەترسێت، لەم ترسەش دا دەبەخشرێت چونکە ڕوانینی یەکەم بۆ بێهودەیی قۆناخی سەرەتای قوڵ بینییە، قوڵ بینیش بەشێک لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هوشیاری لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت، ئەمیش جارێکی تر ڕێگە بۆ قوڵ بینیی خۆش دەکاتەوە، ئەم گەمەیە بەردەوام دەبێت تا لە دوا جاردا مرۆڤ لە پێش دوو هەڵوێستا دەمێنێتەوە، قایل بوونە بە هەقیقەتی بێهودەیی یاوەخود بەرپاکردنی شۆرشە لە دژی . وەختێکیش مرۆڤ شۆرش دەکات زۆری پێ ناچێت تێدەگات کە شۆرشیش بۆ خۆی بێهودەیی یە . لێرەوە کێشەی بێهودەیی لەلای یۆنسکۆ پەیوەندیدارە بە کێشەی مردنەوە، بۆیە ئەم کێشەیە وەک سێبەرێکی لێهاتوە لە هەناوی هەموو دەقەکانیدا دەبینرێتەوە .

کارەکتەرەکان :

دۆبۆن ---- جلەکانی وەکو دۆرانە .

دۆران ---- جلەکانی وەکو دۆبۆنە .

مارتین ---- جلەکانی وەکو هەردوکیانە .

خانمێکی جوان ---- لەیەکەم دەرکەوتنیا عەزییەکی ناسک و چاکەتێک یان فەروەیەکی بە شانەوەیە، جوتێ پێڵاو، جوتێ دەستکێش، کڵاوێک و جانتایەکی دەستی پێیە .

دیمەن : ژورێک، دەرگایەک لەلای راستەوە .. لەناوڕاستا مێزێک و سێ ئینجانەی گوڵ لە ڕیزێکدا پێکەوە لکاون، قەنەفەیەکیش لە شوێنێکی شانۆدا هەیە.

(( بەشی یەکەم و کۆتایی ))

کاتێ پەردە لا دەبرێت دۆبۆن دەستی خستۆتە پشتیەوە و بە دەوری مێزەکەدا بە تورەییەوە دێت و دەچێت،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەروەها دۆرانیش لە پێچەوانەیدا هەمان جوڵە دەکات، پێک دەگەن و بەریەک دەکەون، ئەگەڕێنەوە سەر شێوازەکەی خۆیان .

دۆبۆن : نەخێر .

دۆران : بەڵێ .

دۆبۆن : نەخێر .

دۆران : بەڵێ .

دۆبۆن : نەخێر .

دۆران : بەڵێ .

دۆبۆن : پێت دەڵێم نەخێر .. ئاگات لە ئینجانەی گوڵەکان بێت .

دۆران : پێت دەڵێم بەڵێ .. ئاگات لە ئینجانەی گوڵەکان بێت .

دۆبۆن : بەڵام نەخێر، پێت دەڵێم .

دۆران : بەڵام هەر بەڵێ، بەڵێ، پێت دەڵێم .

دۆبۆن : تا ماندوو دەبی بڵی بەڵێ، بەڵام نەخێر، نەخێر، سەد و پەنجا جار نەخێر .

دۆران : دۆبۆن، ئاگات لە ئینجانەی گوڵەکان بێت .

دۆبۆن : دۆران، ئاگات لە ئینجانەی گوڵەکان بێت .

دۆران : تۆ زۆر کەلەڕەقی، لەم کەلەڕەقییەت سەرسام بووم .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆبۆن : ئۆه نەخێر وانییە، تۆ کەلەڕەقی، کەلەڕەقی، کەلەڕەقی .

دۆران : ئەوە تێک چووی، بۆچی بە من دەڵێی کەلەڕەق؟ ئاگات لە ئینجانەی گوڵەکان بێت ، ئەسلەن من کەلەڕەق نیم .

دۆبۆن : تۆ خۆشت نازانیت بۆ کەلەڕەقی، تۆ ئەزانیت سەرسام بووم لێت .

دۆران : سەرسامم کردوی یان نا ئەوە نازانم ، لەوانەشە وا بێت ، بەڵام بە شەیتان ، ئەمەوێت بزانم بۆ کەلەڕەقم . پێش هەموو شتێک من کەلەڕەق نیم .

دۆبۆن : کەلەڕەق نیت ؟ کەلەڕەق نیت کاتێ ئینکاری دەکەیت، کاتێ نکۆلی دەکەیت، یان بە کورتی بڵێین کاتێ سواری سەری خۆت دەبیت، لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگانەش کە داومە پێت .

دۆران : بەڵگەکانت هیچ بەهایەکیان نییە، جێی قایل بوون نین، تۆ کەلەڕەقی، من کەلەڕەق نیم .

دۆبۆن : تۆ کەلەڕەقی .

دۆران : نەخێر.

دۆبۆن : بەڵێ .

دۆران : نەخێر.

دۆبۆن : بەڵێ .

دۆران : نەخێر.

دۆبۆن : بەڵێ .

دۆران : پێت دەڵێم من کەلەڕەق نیم .

دۆبۆن : پێت دەڵێم هەر ئەوەی .

دۆران : بەڵام نەخێر پێم گوتی .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆبۆن : بەڵام هەر دەڵێم بەڵێ .

دۆران : هەتا دەتوانیت بڵێ بەڵێ، بەڵام نەخێر، نەخێر، نەخێر .

دۆبۆن : تۆ زۆر کەلەڕەقی، ئەتوانیت بە چاوی خۆت ببینیت چەند کەلەڕەقی.

دۆران : ئەی هاوڕێ کۆنەکەم، ئەوە پەیوەندی بەخۆمەوە هەیە، تۆ خۆت هەڵدەقورتێنیتە کاری منەوە. ئاگات لە ئینجانەی گوڵەکان بێت . گەر لەگەڵ خۆتا ڕاست گۆ بیت دان بە کەلەڕەقی خۆتا دەنێیت

دۆبۆن : لە چییدا کەلەڕەقیم کردووە ؟ مرۆڤ کاتێ لەسەر هەق بێت پێویستی بە کەلەڕەقی نییە، ئەوجا دانی پیا بنێ کە من لەسەرهەقم، بەڵی من لەسەرهەقم .

دۆران : نابێت تۆ لەسەرهەق بیت تا وەکو من لەسەرهەق بم .

دۆبۆن : ببورە ئەوە منم لەسەرهەقم .

دۆران : نەخێرمنم .

دۆبۆن : نەخێرمنم .

دۆران : نەخێرمنم .

دۆبۆن : نەخێرمنم .

دۆران : نەخێرمنم .

دۆبۆن : نەخێر.

دۆران : نەخێر.

دۆبۆن : نەخێر.

دۆران : نەخێر.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆبۆن : نەخێر.

دۆران : نەخێر ئاگات لە ئینجانەی گوڵەکان بێت .

دۆبۆن : ئاگات لە ئینجانەی گوڵەکان بێت .

مارتین : ( دێتە ژورێ ) ئەوە دەبینم هەردوکتان ڕێک کەوتون .

دۆبۆن : ئۆە، نەخێر، بەخوا قەت لەگەڵیدا ڕێک نەکەوتوم . ( دەست بۆ دۆران ڕادەکێشێت ).

دۆران : منیش قەت لەگەڵیدا ڕێک نەکەوتوم ( دەست بۆ دۆبۆن ڕادەکێشێت )

دۆبۆن : ئەو نایەوێت دان بە راستی دا بنێت .

دۆران : نەخێر، ئەو نایەوێت دان بە راستی دا بنێت .

دۆبۆن : نەخێر ئەوە .

دۆران : نەخێر ئەوە .

مارتین : بەم شێوەیە گاڵتەجار مەبن، ئاگاتان لە ئینجانەی گوڵەکان بێت، هەمیشە کارەکتەرەکانی شانۆ لە ژیانی ئاسایی گەلۆرتر نابن .

دۆران : چی لە توانامان دا بێت ئەوە دەکەین .

دۆبۆن : ( بۆ مارتین ) بە هەرحاڵ تۆ بەم جگەرە قەبەیەتەوە بێزارم دەکەیت .

مارتین : ئەی ئێوە هەست ناکەن بەم سوڕانەوەیەتان لە ئەڵقەیەک دا کە دەستان خستوتە پشتتانەوە و بە هەموو جۆرێک قەدەغەی ڕێک کەوتن دەکەن، بێزارم دەکەن . ئەوەی تێی دەگەم تەنیا گێژ بوون و بینینی گوڵەکانە .

دۆران : بەو دوکەڵە دوابڕاوەت توشی هێڵنج دان دەبم، بە درێژایی ڕۆژ جگەرە دەکێشیت، وەک دوکەڵ کێش . ئای ئەمە چۆن بیرێک بوو؟



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مارتین : تەنیا دوکەڵ کێش جگەرە ناکێشێت .

دۆبۆن : ( بۆ مارتین ) وەک دوکەڵ کێش جگەرە دەکێشیت، پاک بونەوە نابینیت هەرگیز .

مارتین : ( بۆ دۆبۆن ) ئای کە بەراوردکردنێکی بێ کەڵکە، هیچ توانایەکی خەیاڵ کردنەوەت نییە .

دۆبۆن : ( بۆ مارتین ) هەروەها تۆش مارتین ئەی پیرەمێردی هاوڕێـم .

دۆران : ( بۆ مارتین ) دۆبۆن هەرگیز توانای خەیاڵ کردنەوەی نییە، هەروەها تۆش ئەو توانایەت نییە .

دۆبۆن : ( بۆ دۆران ) هەروەها تۆش دۆران، ئەی پیرەمێردی هاوڕێـم .

مارتین : ( بۆ دۆبۆن ) هەروەها تۆش دۆبۆن ، ئەی پیرەمێردی هاوڕێـم .

دۆران : ( بۆ دۆبۆن ) هەروەها تۆش دۆبۆن، ئەی پیرەمێردی هاوڕێـم . جارێکی تریش بانگم مەکە دۆران ئەی پیرەمێردی هاوڕێـم . من دۆرانی پیرەمێردی هاوڕێـت نیم .

دۆبۆن : ( بۆ دۆران ) دۆران، ئەی پیرەمێردی هاوڕێـم . تۆش توانای خەیاڵ کردنەوەت نییە . جارێکی تریش بانگم مەکە دۆبۆن ئەی پیرەمێردی هاوڕێـم . من دۆبۆنی پیرەمێردی هاوڕێـت نیم

مارتین : ( بۆ هەردوکیان ) بانگم مەکەن مارتین ئەی پیرەمێردی هاوڕێـمان . من مارتینی پیرەمێردی هاوڕێتان نیم .

دۆران : ( بۆ هەردوکیان ) بانگم مەکەن دۆران ئەی پیرەمێردی هاوڕێـمان . من دۆرانی پیرەمێردی هاوڕێتان نیم .

دۆبۆن : ( بۆ هەردوکیان ) بانگم مەکەن دۆبۆن ئەی پیرەمێردی هاوڕێـمان . من دۆبۆنی پیرەمێردی هاوڕێتان نیم .

مارتین : بەهەرحاڵ نابێت بەم جگەرە جوانە بێزارتان بکەم، جگەرەشم پێ نییە . بەرێزان ڕێگام بدەن پێتان بڵێم کە ئێوە زیادەڕۆیی دەکەن . من خۆم ناخەمە ناو گفتوگۆکانتانەوە، بەڵام ئەتوانم بە شێوەیەکی جوان و گونجاو ناوبژیتان بکەم .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆران : فەرموو ناوبژیمان بکە .

دۆبۆن : ئادەی بە خێرایی ناوبژیمان بکە .

مارتین : ڕێگام بدەن کە پێتان بڵێم، بێ لایەن گیری بۆ هیچ لایەکتان، ئەمە ڕێگەی گەیشتنە ئەنجامی کۆتایی نییە . پێشەکی پێویستە لەسەر خاڵێ ڕێکەون، پاشان بنچینەی گفتوگۆتان هەبێت و ڕازی بن بە ڕاو پێشنیاری یەکتری .

دۆران : ( بۆ مارتین ) لەگەڵ ئەم کابرایەدا ( ئاماژە بۆ دۆبۆن دەکات ) ڕا گۆرینەوە ناگونجێ و مەرجەکانی جێی قایل بوون نین .

دۆبۆن : بەهەرنرخێ بێ نامەوێت لەگەڵی دا ڕێک کەوم ، مەرجەکانی ئەم کابرایە نابەجێن .

دۆران : ئای لەو بێ شەرمییە، مەرجەکانی من نابەجێن ؟ .

مارتین : ( بۆ دۆبۆن ) وازی لێ بێنە باباسی بکات .

دۆبۆن : ( بۆ دۆران ) دەی باسی بکە .

مارتین : ئاگاتان لە ئینجانەی گوڵەکان بێت .

دۆبۆن : باسی ئەکەم ... جا نازانم لێرەدا کەسێک هەیە بیەوێت تێ بگات، هەتا بتوانن تێم بگەن و بتوانین لە یەکتریش بگەین، دەبێت گوێ بۆ یەک شل بکەین. جا وا دەنوێنێت دۆران نایەوێت تێ بگات، هەتا لە گەلۆری دا وای لێ هاتوە بکرێتە نمونە .

دۆران : ( بۆ دۆبۆن ) چۆن زاتی ئەوە دەکەیت پێم بلێیت لە گەلۆری دا وای لێ هاتوە بکرێتە نمونە . تۆ خۆت چاک دەزانیت لە گەلۆری دا بویتەتە نمونە . تۆ هەمیشە بەرەنگاری ئەوە ئەبیت لێم تێ بگەیت .

دۆبۆن : ( بۆ دۆران ) نەخێر، تۆ پێت زۆر لێ هەڵبری، ئای لەو کەلەپوتییەت، مناڵێکی شیرە خۆرە دەتوانێت تێ بگات گەر مناڵێکی ئەمین بێت ( بۆ مارتین ) خۆ ئەم جارە گوێت لێ بوو .. وانییە ؟



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆران : ( بۆ دۆبۆن ) نەخێر پێت زۆر لێ هەڵبری، ئەوە تۆیت هەر ناتەوێت تێ بگەیت ( بۆ مارتین ) خۆ گۆێت لە قسە بێ شەرمەکانی بوو ؟ .

مارتین : بەرێزان، هاورێیان، نابێت بەم جۆرە کات بفەوتێنین، با بچینە ناو کرۆکی بابەتەکەوە، ئەوەی ئێوە دەیڵێن مەبەستتان نییە .

دۆبۆن : ( بۆ مارتین ) چۆن ؟ ئەوەی من دەیڵێم مەبەستم نییە ؟.

دۆران : ( بۆ مارتین ) چی ؟. چۆن دەوێریت بڵێیت ئەوەی من دەیڵێم مەبەستم نییە ؟.

مارتین : داوای لێ بوردن دەکەم، مەبەستم نەبوو بە تەواوی بڵێم ئەوەی ئێوە مەبەستتانە نایڵێن، نەخێر نەخێر کتومت وانەبوو.

دۆبۆن : ( بۆ مارتین ) چۆن دەتوانیت بڵێیت ئەوەی مەبەستتانە نایڵێن لە کاتێکتا ئیستا خۆت وتت ئەوەی ئەیڵێن مەبەستان نییە . بەتەواوی مەحاڵە ئەوەی مەبەستت نەبێت بیڵێیت، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بەردەوام ئەوەی دەیڵێ مەبەستە و ئەوەی مەبەستە دەیڵێت . بە پێچەوانەوە تۆ هەمیشە ئەوەی مەبەستە دەیڵێیت و ئەوەی دەیڵێیت مەبەستتە .

مارتین : ( بۆ دۆبۆن ) وای دابنێ من وتم ئەوەی ئێوە دەیڵێن مەبەستتان نییە . ئەوە وا ناگەیەنێت هەمیشە ئەوەی مەبەستتان نییە دەیڵێن، زۆرجار ئەوەندە دەڵێن زیاد لەوەی مەبەستتان بێ و هەندێ جاریش مەبەستتانە زیاد لەوەی دەیڵێن . ئەوەش دەکەوێتە سەر ئەو کەسە خۆی و ئەو کاتەی قسەی تێدا دەکات . باشە لەم نیو سەعاتەی دوایی دا چییتان وت ؟ شک لەوەدا نییە کە هیچ مەبەستتان نەبوو .

دۆران : ( قسەکەی پێ دەبڕێت ) من نیم دۆبۆنە ئەوەی مەبەستێتی نایڵێت .

دۆبۆن : ( بۆ دۆران ) نەخێر تۆیت .

دۆران : ( بۆ دۆبۆن ) نەخێر تۆیت .

مارتین : ( بۆ هە ردوکیان ) نەخێر ئێوەن .

دۆبۆن و دۆران : ( پێکەوە بۆ مارتین ) نەخێر تۆیت .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مارتین : من نیم .

دۆبۆن : تۆیت .

دۆران : ( بۆ دۆبۆن و مارتین) ئێوەن ئەوەی مەبەستتانە نایڵێن .

دۆبۆن : من ئەوەی مەبەستمە نایڵێم ؟

مارتین و دۆران : ( پێکەوە بۆ دۆبۆن ) بەڵێ کتومت ئەوەی مەبەستتە نایڵێیت .

دۆبۆن و دۆران : ( پێکەوە بۆ مارتین ) هەروەها تۆش ئەوەی مەبەستتە نایڵێیت .

مارتین : ( بۆ دۆبۆن و دۆران ) ئێوەن ئەوەی وتوتانە مەبەستتان نەبووە .

دۆران : ( بۆ دۆبۆن و مارتین ) ئێوەن ئەوەی وتوتانە مەبەستتان نەبووە .

دۆبۆن : ( بۆ دۆران و مارتین ) ئێوەن ئەوەی وتوتانە مەبەستتان نەبووە .

مارتین : ( بۆ دۆران ) من نیم، تۆیت .

دۆران : ( بۆ مارتین ) من نیم، تۆیت .

دۆبۆن : ( بۆ دۆران ) من نیم، تۆیت .

دۆران : ( بۆ دۆبۆن ) من نیم، تۆیت .

مارتین : ( بۆ دۆران و دۆبۆن ) تۆ.. تۆ.. تۆ .

دۆران : ( بۆ دۆبۆن و مارتین ) تۆ.. تۆ.. تۆ .

دۆبۆن : ( بۆ دۆران و مارتین ) تۆ.. تۆ.. تۆ .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

( لەم کاتەدا خانمە جوانەکە دێتە ژورێ )

خانمەکە : بەرێزان بەیانیتان باش،  ئاگاتان لە ئینجانەی گوڵەکان بێت .
( هەرسێکیان لە پرا ئەوەستن و ئاور دەدەنەوە تا ڕوی تێ بکەن ) بەڕێزان تکایە بۆچی بەم جۆرە شەر دەکەن ( پێکەنینێک بە لێوەکانیەوەیەتی ) .

دۆبۆن : ئۆە، خانمی خۆشەویست، مەگەر دواجار تۆ بتوانیت لەم گێژاوەمان ڕزگار بکەیت .

دۆران : ئۆە، خانمی خۆشەویست، ئەتوانیت بە چاوی خۆت کەلەپوت ببینیت .

مارتین : ( قسەکەی پێ دەبڕێت ) ئۆە، خانمی خۆشەویست، وەرە با هەموو شتێکت لەم بارەیەوە بۆ باس بکەم .

دۆبۆن : ( بۆ دۆران و مارتین ) نەخێر، من هەموو شتێکی بۆ ئەگێرمەوە لەبەر ئەوەی ئەم خانمە جوانە دەستگیرانی منە .

( خانمە جوانەکە پێ دەکەنێت )

دۆران : ( بۆدۆبۆن و مارتین )  ئەم خانمە جوانە دەستگیرانی منە .

مارتین : ( بۆ دۆران ودۆبۆن ) ئەم خانمە جوانە دەستگیرانی منە .

دۆبۆن : ( بۆ خانمە جوانەکە ) ئەی خانمی خۆشەویست، تکات لێ دەکەم بەم بەرێزانە بڵێ کە تۆ دەستگیرانی منی .

مارتین :  ( بۆدۆبۆن ) تۆ هەڵەی دەستگیرانی منە .

دۆران : ( بۆ خانمەکە ) ئەی خانمی خۆشەویست بەم بەرێزانە بڵی کە تۆ لە ڕاستی دا .....

دۆبۆن : ( پێی دەبڕێت ...  بۆ دۆران ) تۆ هەڵەیت دەستگیرانی منە .

مارتین :  ( بۆ خانمەکە ) ئەی خانمی خۆشەویست تکات لێ دەکەم پێیان بڵێ ....



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دۆران : ( بۆ مارتین ) تۆ هەڵەی  دەستگیرانی منە .

دۆبۆن : ( بۆ خانمەکە ) ئەی خانمی خۆشەویست....

مارتین : ( بۆ دۆران ) تۆ هەڵەی  دەستگیرانی منە .

دۆران : ( بۆ خانمەکە ) ئەی خانمی خۆشەویست ..

دۆبۆن : ( بۆ مارتین ) ئەی خانمی خۆشەویست تکات لێ دەکەم پێیان بڵێ ... مارتین :

دۆران : ( بۆدۆبۆن ) تۆ هەڵەی  دەستگیرانی منە .

دۆبۆن : ( بۆ خانمەکە، لە کاتێکدا بە تورەیی قۆڵی ڕادەکێشێت ) ئۆی خۆشەویستەکەم .

( خانمە جوانەکە تاکێ پێڵاوی ون دەکات )

دۆران : ( بە تورەیی قۆڵەکەی تری ڕادەکێشێت ) تکات لێ دەکەم ڕێگەم بدە لە ئامێزت نێم .

( تاکە پێڵاوەکەی تری لێ دەکەوێت و تاکێک لە دەستکێشەکانی بە دەستی دۆبۆنەوە
بە جێ دەمینێت )

مارتین : ( یەکێ لە چەپکە گوڵەکانی پێیە ئاوڕ بە ژنەکە دەداتەوە تا ڕووی بکاتە خۆی )
تکات لێ دەکەم ئەم گوڵانەم لێ وەربگرە .( گوڵەکانی دەداتە دەست )

خانمەکە : ئۆە .. سوپاس .

دۆبۆن : ( ڕووی ژنەکە دەکاتە خۆی و چەپکە گۆڵی دووەمی دەداتێ ) ئەم گوڵە جوانانەم لێ وەربگرە .
( ژنەکە لە نێوان خۆیاندا ڕادەکێشن، کڵاوەکەی لێ دەکەوێت )

خانمەکە : سوپاستان دەکەم .. سوپاستان دەکەم .

دۆران : ( وە ک دۆبۆن) ئەم گۆڵانە بۆ تۆ دڵیشمی لە گەڵدایە .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خانمەکە : بە خۆشحاڵیەوە ( ئینجانەکانی بە دەستەوەیە، جانتا دەستیەکەی لێ دەکەوێت )

مارتین : ( بە توڕەیی بەرەو لای خۆی کێشی دەکات و هاوار دەکات ) ماچم بکە .. ماچم بکە .

دۆران : ( وەکو مارتین ) ماچم بکە .

دۆبۆن : ( وەکو دۆران ) ماچم بکە .

( چەند ساتێکی تر ئەم حاڵە بەردەوام دەبێت، خانمەکە گوڵەکانی لێ دەکەوێت، هەروەها جلەکانی لە زۆرلاوە دڕاوە، بە هۆی ئەو ڕاکێش ڕاکێشەی کە لە نێوان کارەکتەرەکاندا لە دەوری مێزەکە لەم دەست دەچوو بۆ ئەو دەست )

خانمەکە : ئۆی .. بە جەهەنەم ... وازم لێ بهێنن .

دۆبۆن : ( بۆ مارتین ) دە وازی لێ بێنە .

مارتین : ( بۆ دۆران ) دە وازی لێ بێنە .

دۆران : ( بۆ دۆبۆن ) دە وازی لێ بێنە .

هەرسێکیان : ( بۆ یەکتری ) دەیەوێت وازی لێ بێنن .

خانمەکە : ( بۆ هەموویان ) هەمووتان وازم لێ بێنن .

هەرسێکیان : ( بە سەرسورمانەوە ) من ؟. من ؟. من ؟.

( هەموو دەوەستن، خانمەکە بە قژی شێواو و جلی دڕاو و نیوەی لەشی ڕوتەوە هەناسەی سوار بووە، دێتە پێشەوە و قسە بۆ جەماوەر دەکات، لەم کاتەدا هەردوو دەستی و قاچێکی ون کردووە )

خانمەکە : بەڕێزان .. لەوە زیاتر ناتوانم ڕازی بم ، ئەمانە هەموو قسەی قۆڕ و بێ مانان .

کۆتایی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com